www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:46 7-3-2007

## له ماتەمینی مەملەكەتی عەجا ئیبدا!. ... بێستون محمد ساڵح مستەفا

ژەنەراڵی گەندەڵی. . . خوای شەفافیەت. . . .



له (شۆڕشی ئومێد) دا ئەریك فرۆم دەڵی:-" هیوادیاردەیەكی دژ بەیەكە. نە چاوەڕوانییەكی پاسییڤ و ئەمر بەرە، نە هێزێكی دژەڕاستییە كە بتوانێت هەلو مەرجی نەگونجاو پێكبهێنێت. هیوا وەك ئەو بەورە یە كە ئامادەی پەلاماردانە -كەكاتی پەلامار هات- پەلامار دەدات. نە ڕیفۆرمیزی داماو نەڕووداو خوازی بەناو توندڕەو، هیچ كامیان ڕی نیشاندەری هیوا نین" (ل 25، و: هەژار جوا نرۆیی) . .

ئەو هیوا یە هەرگیز بە ئێوە لەو مەملەكەتە جەنجاڵ و عەجائیبەدا پەی پی نابری فەراهەمی بكەن!! پوشكێن گەیشتبووە دەرئەنجامێك كەوا تەنها لە توانای مێژووی گەلدا هەیە داخوازییە ڕاستەقینەكانی ئەو گەلە خۆی ڕوون بكاتەوە. . یۆستاین گاردەر لە (كچی بەڕێوەبەری سێرك) دا دەڵی:". . . پێش ئەوەی بە ناوبانگ بیت دەبوا یە هەوڵو تەقەلای خۆتت بدا یە. ئێستاكە چی دی بەو شێوەیە نیە. لە كاتی ئێستا خەڵكی لە پێشدا بڕیاری خۆیان دەدەن كە ناوبانگ دەر بكەن و دواتریش لە پلەی دووەمدا ئەو بوارە دێتە پێشەوە كە دەیانەوێت بە ناوبانگبن تیایدا. . " (ل 96، 97 و:بەهرۆز حەسەن)

كتومت ئەم ووتەیەی (گاردەر) ڕاستەو خۆ ڕەنگدانەوەی واقیعێكی تاڵ و بەربڵاوی سەراپا بوارە جیاجیاكانی نێو كۆمەڵكەن بێ تەمو مژ هەموان هەستی پی دەكەین بەڵام هەندی مەلۆتكە قەڵەم كە لێرەو لەوی دەستیان ئەگرن و دارە دارەی دەركەوتنیان لە لایەن كورسی لەژێری بی سەلیقە كە بە جۆرێك لە جۆرەكان لە ئەنجامی پاشقول گرتن و فێڵی شەرماوی بونەتە دەنگ كۆی دەنكدان و وەك یاساوڵ بەرگری لەم ژەنەراڵە مەلۆتكانە دەكەن چونكە پێش وەخت دڵ و دڵخوازو پەیمانی یاری مارو پەیژەیان بەیەكتر داوە، ئی گەلی بەدبەخت، ئاخر نەگبەتی و كلۆڵی كۆمەڵكە لەوەدایە كە پارێزەران و داكۆكی كەرانی بە پەروەردە كردنی ئا یندەیەكی بی هیوا لە دام و دەزگاكانی مەدەنیەت ئەوانەبیكەن كەخۆیان نوقم بوو دەروێشێكی بەزكری نەپساوەی گەندەڵی بن و لەڕێگەی قەڵەمی ئەم مەلۆتكەقەزەمانە دیدگا ژەهراوی وداكۆكیە شەرماویەكانیان بخەنەڕوو عەرەب دەڵی:- (حامیها حرامیها) . . ئەوانە هەر كات دووچاری تەنگەژەو قەیران دەبن لە ئەنجامی ئەو كارانەی كەبۆیان دەستەبەر كراوە بە پەلە یەك دوو كتێبۆكە دەگرن بەدەستەوە هەڵیدەپروزێنن ماڵە باجێنەو چێشتە قولەیەكی بی لەزەت ئامادە دەكەن و ناشوێرن بەناوی خۆیان بڵێن و كۆكەیەكی نەرمی تەڕی بۆ بكەن خەڵە فاندن و پیا هەڵدانە شە رماوییەكان دەست پی دەكات. . . ئای، كەشەرم و نەنگیە مرۆ ئاوا دەست و پێنووسەكەی توند كاو بنووسی ولاوازو نەوێری داكۆكی و بەرگریی ڕاستەقینە لە بۆ چوون و پێش هات و ڕەهەندەكانی خۆی بكات. . . تەنها لەبەر ئەوەی نان براو ئیمتیازاتی لە دەست نەچی. .

ئەم تەرزو تەنزە ژەنەراڵانە كە دێنە سەر باس بی ڕتووش پەلاماری كۆمەڵی كایە دەدەن بی هیچ بەرنامەیەك پڕاوپڕ دێنەسەر (بوونی شەفافیەت) لە كوردستاندا. . . كە عەیبە شەیتان باس لەیاسا و ڕێساو نەزمی هاوڵاتی بوون بكات. . . كەچی ئەم گورگانە كەلەپێستی مەڕدا خۆیان حەشار داوە بی پەردە دەبنەپارێزەری شەیتان. . . . ئاخر دارشتنی مەعریفەی سەقت دەربارەی (شەفا فیەت، تنویر، دیبلوماسیەت) بەو ئاقارەمان دەگەیەنێت كە ژەنەراڵێكی موتوربەكراو بە ڤایرۆسی كوتلە كوڕە شەهیدێك بڕەنجێنی ببێژی كەس ناتوانی بڕیارم پی بگۆڕی چما گەر (. . . . . . . . ) تەكلیفم لی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بكات!!0. . بارزانی نەمر زۆر لە مێژە فەرموویەتی:-" من دڵنیام كە هەر سەر دەكەوین بەڵام ترسم لەوەدایە ئەوانەی زەحمەتیان كێشاوە خەباتیان كردووە لەبیر بكرێن"

ئەری پێمان نابێژی بەو زمانە شەفافەی كەباس لە شەفا فیەت و كۆمەڵگەیەكی مەدەنی دەكەیت پیاو دەبی ڕاستگۆ بی بەدواداچونەكان دەبی لە خۆیەوە دەست پی بكاو تۆ یەكەم كەس بە لە دەرئەنجامی چی لە ماوەی یەك مانگدا ئەم كوڕوكچە باشانە بۆ (وازدەهێنن) لە مەملەكەتە عەجایبەكەت كە پڕە لە شەفا فیەت؟؟!!

لە بیر نەچی دروشمی دیالوگ و لەیەك گەیشتن بەرز كردۆتەوە دەتوانی پێمان بڵێیت: هۆكاری ئەوە چیە چەلەنگ و چاپوكەكانی مەملەكەت (هوو هایان) لە كی كێشاوە؟ تەزوو بە لەشمدا دی زات ناكەم ناوی ئەوبەرێزانە بێنم بەم جۆرە سەرمایەی بیروهزر كۆدەكرێتەوە؟؟ دەتوانی پێمان بڵێی: كۆڕی ئەو هونەر مەندە گۆرانی بێژە (بەڵام توخوا زۆر بە شەفا فی) كە دەستپێك و دیاری كرابو لای مامۆستاكەت بۆ بەودەردەتان برد؟ بەڵام قەیدی نیە ئەو بەڕێزە پارەیەكی باشی بۆ سەرف كراوە بۆ دەركردنی كلیپێك تاوەكو زەوقی كوردەواریمان بشڵەقێنی. . . هەرهیچ نەبی ڕێزی میوانی مامۆستاكەت بگرتا یە كە ئەومەهزەلەیەی خوڵقاند و وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرچوو، لە دووپشكیان پرسی بۆچ بەرۆژ دەر ناكەوی ووتی لەبەر كردەوەی شەوم!!!

خێر خوایەك گوێبیستی خێرو سەدەقە بووە گوا یە ئەنجامی بدەن، بۆ چی؟ نازانم. . . بارەكەئەڵا واعیزی كۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم فیكرە تیژ ڕەوانە لەكوێوە وە ڕێچكە ئەبەستی؟

مەعریفەتی مەملەكەت گەیشتۆتە ئەو زانكۆیەی لای خۆمان ئەلحەقی پیاو ڕا ست بڵی مامۆستایەك ڕاست بێژیەكی گوتوە گوا یە دەبی قەڵەمی ڕۆژنامە نووسی مەحكوم بكری!!!

دوا داواكاری بەندە لەئێوەی دڵسۆز بەڵكە بە گرووپی بەرهەڵستكاری و بەرنگاربوونەوەی مەملەكەتە شەفافەكەت ببێژی هەستن بە ئەنجام دانی ڕاپرسیەك سە بارەت بە شەفافیەت سەد لە سەد جەنابتان بە ژەنەراڵی گەندەڵ و خوای شەفا فیەت دەردەچن. . . . .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.